**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٧٢٥ لە ٢٠٢٢/١١/٢**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢**

لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە نووسراویان ژمارە (٥٨٦٠لە ٢٠٢٢/٣/٧) ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بڕیاریدا بە :

- پێکهێنانی دادگای تاوانەکانی ڕاپەرین لە ئیدارەی سەربەخۆ ڕاپەرین بۆ بینینی داوایەکانی سزایی بەپێی حوکمەکانی یاسا کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆریەکەی خۆی و لە سنوری ئیدارەی ئاماژە پێکراوی،
- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**

**عبدالجبار عزيز حسن**

**سەرۆکی ئەنجومەونی دادوەری**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ١٢٣٦ لە ٢٠٢٢/١١/٨**

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٩) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ساڵی (٢٠٠٧) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- کردنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی قوشتەپە) لە ناحیەی قوشتەپە سەر بە پاریزگای هەولێر.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت أحمد عبدالله**

**وەزیری داد**